# سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران ئێعدامی دوو پێش نوێژی سوننی لە بەلوچستان مەحکوم دەکا

سەر لە بەیانی رۆژی چوارشەممە ٢١ی خاکەلێوە، دادگای رژیم لە ئوستانی سیستان و بلوچستان بڕیاری ئێعدامی مەولەوی عبدالقدوس مەلا زەهی و مەولەوی محەممەد یوسف سوهرابی دوو پێش نوێژی سوننی لە زاهیدان پەسەند کرد و دوایی ئێعدام کردنیان جێ بە جێ کرا. ئەو دوو مامۆستا سوننیە مانگی سەرماوەزی ساڵی ١٣٨٦ لە ئاکامی هێرشی هێزەکانی رژیم بۆ مەدرەسەی (علمیه شاه جمال) گیران.

دادگای رژیم ئەو دوو مامۆستا ئایینیەی بە تاوانی هەوڵ بۆ جیاواز دروست کردن لە نێوان شێعە و سوننی ئێعدام کردوە.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، لەگەڵ مەحکوم کردن ئەو کردەوە دڕندانەی رژیمی ئاخوندی. ئێعدامی ئەو دوو مامۆستا ئایینیە بە یەکێکی دیکە لە هەوڵەکانی رژیم بۆ دروست کردنی ناکۆکی و کێشە لە نێوان مەزهەبەکان و بیر و بۆچوونەکان لە ئێراندا دەزانێ و باوەڕی وایە رژیمی ئاخوندی لەو رێگەوە هەوڵ دەدا لەلایێك سیاسیەتی سەرکوت و تۆقاندن پەرە پێ بدا، لەلاییێکی دیکە هەستی خەڵکی شێعە بۆ لای سیاسەتە گڵاوەکانی خۆی ڕاکێشێ.

بەڵام گومان نیە، رژیمی ئاخوندی لەو سیاسەتەیدا سەرکەوتن وەدەست ناهێنێ و ئاکامی شکست و ریسوایی و لە ناوچوون دەبێ.

بێ گومان سەرکوت و ئێعدام و تۆقاندن کار ناکاتە سەر خەڵکی خۆڕاگر و بێزار لە ستەم و ئەو توند و تیژیانەی کار بەدەستانی رژیمی ئاخوندی لە ئاکامدا بە زیانی خۆیان تەواو دەبێ و خەڵکی ئێران بۆ خەبات و ڕاپەرین لە بەرانبەر دەسەڵاتی سەرکوتگەردا دێنە مەیدان.

**سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران**

**کۆمیتەی ناوەندی**

**٢٢ی خاکەلێوەی ١٣٨٧ی کۆچی خۆری**